وەزارەتی دارایی عێراق خەرجکردنی موچەی مانگی شوبات ڕادەگەیەنێت

وەزارەتی دارایی، ئەمڕۆ سەشەممە، خەرجکردنی موچەی فەرمانبەران و هەژە ئەمنیەکانی بۆ مانگی شوبات ڕاگەیاند.

وەزارەت لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- کە فەرمانگەی ژمێریاری لەوەزارەتی دارایی کارەکانی خەرجکردنی موچەی فەرمانبەرانی مانگی شوباتی دەستپێکردووە ، داواشی لە یەکەکانی خەرجکردن کردووە لەوەزارەتەکان ووپارێزگاکان بۆ سەردانیکردنی فەرمانگەی ژمێریاری وەزارەت بۆ ئەنجامدانی کارەکان.

هەروەها وەزارەت داوای لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کرد کە هەواڵی نادروست بڵاونەکەنەوەو بەرپرسیارێتی لە پێخشکردنی هەواڵەکاندا لەئەستۆبگرن بەتایبەتی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی خەرجکردنی موچەی فەرمانبەران.